کوردستان | 20:26 - 24/11/2022 | ڕێبەند سەعدوڵا

# پسپۆڕێکی ژینگە و ئاو، پێشبینییەکانی ڕوودانی لافاو لە هەرێمی کوردستان ڕەت دەکاتەوە






ئەمڕۆ پێنجشەممە دکتۆر مەسعود حوسێن، پسپۆڕی ژینگە و ئاو، هۆشداری دەدات لەبارەی شەپۆلی باران بارین و دروستبوونی لافاو و ئاشکرای دەکات کە پێشبینی دەکرێت لە سبەی دوای نیوەڕۆوە شەپۆلەکە بگاتە هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە لافاو دروست بێت.

وتـار


جەمال عەبدوڵا
بۆچی یەکێتی نایەوێت هەڵبژاردن بکرێت؟


بەرهەم عەلی
ڕاستمان پێ بڵێن: چ حزبێك نایەوێ هەڵبژاردن بکرێت؟


عوسمان ڕانیەیی
خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (ڕێڤینگ)


هاوبیر
هاوارێک بۆ کورد


تەحسین وسو عەبدوڵڵا
دبلۆماسییەتی سیاسەتی دەرەوە لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا

دکتۆر مەسعود، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە ژینگە و ئاو، لەبارەی پێشبینییەکانی شەپۆلی بارانبارین بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: "پێشبینی دەکرێت شەپۆلێکی باران بارین لە دوای نیوەڕۆی سبەی هەینی بگاتە هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی هەولێر، پێشبینی باران بارین دەکرێت، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو شەپۆلە دەگاتە هەولێر چڕی و خێرایی بای لە دەست نەدات و ئاوی ناو هەورەکە کەم نەبێتەوە."

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی فراوان چەندین کەس و لایەن قسە لەبارەی باران بارین و دروستبوونی لافاو دەکەن و جۆرە دڵەڕاوکێیەک لە نێو خەڵکدا بڵاو کراوەتەوە، د.مەسعود، لەمبارەیەوە دەڵێ: "لە هەرێمی کوردستان وەک خوێندن هیچ زانستێکی دیاریکراوی کەشناسیمان نیە، هەر بۆیە ئەوەی بزانێ و نەزانێ قسەی لەبارەیەوە دەکات و لە پێناو لایک و کۆمێنت دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە."

ئاشکراشی کرد، ئەگەر ئەو بارانەی کە ساڵی ڕابردوو باری و لافاوی لە قوشتەپە و ڕۆشنبیری و چەند شوێنێکی دیکە دروست کرد، هەمان ڕێژە ببارێتەوە لافاو دروست ناکات، چونکە ئەمساڵ زۆربەی گۆم و مەنهۆڵ پاک کراوەتەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕێڕەوەکانی ئاو چاک کراوەتەوە و بە شێوەیەکی باش ئامادەباشی بۆ کراوە.

دکتۆر مەسعود، هەر لە بارەی ئەو شەپۆلە بارانبارینەی کە بڕیارە سبەی هەینی بگاتە هەرێمی کوردستان، گوتی: "بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆرانی کەشوهەوا هیچ کەسێک ناتوانێت پێشبینی ٥٠% بارانبارین و دروستبوونی لافاو بکات، بەڵام ئەو ریژانەی کە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێتەوە بەو شێوە زۆرەی کە باس دەکرێت لە ماوەیەکی کەمدا نزیک ١٠٠ ملم باران دەبارێت ڕاست نیە".

## دوایین هەواڵەکان



1

ئەمریکا لە ڕێگەی (گەلە درۆن)ەوە جەنگەکانی جیهان دەباتە قۆناغێکی نوێ



2

وەزیری دارایی: مووچە بە شێوەی ئەلیکترۆنی دابەش دەکەین



3

نەتەوە یەکگرتووەکان کوژرانی کچە چالاکوانێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق سەرکۆنە دەکات



4

ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی: کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی بە پەکخستنی هەڵبژاردن چارەسەر نابن



5

لەسەر بانگهێشتی ئەنجوومەنی دانایانی موسڵمان، وەزیری ئەوقاف لە وڵاتی ئیماراتە



6

لە بازگەیەکی سنووری خورماتوو ڕێگری لە ژمارەیەک پێشمەرگە کرا و دەستبەسەر کران



7

ئەمشەو بەفروباران دەست پێدەکاتەوە



8

لە پارێزگایەکی عێراق چوار کەس سێ ملیار دینار دەدزن

Copyright ©2021 BasNews.com. All rights reserved